## شەشەم: دەق بە پێی سەرچاوە

### ١-دەقی ئاینی

ئەو دەقەیە ، کەبابەتەکەی خۆی لەئاین وەردەگرێت ، باسی بنەمایەکی عەقیدە دەکات ،وەکو : خودا (ئەڵلاّ) -پاکی وتەواوی بۆ خوا-، پێغەمبەرەکانی (درودو سلاّوی خوایان لەسەر) ،کتێبە پیرۆزەکانی خوا،فریشتەکانی،ڕۆژی دوامایی وقەدەر بەخێرو شەریەوەی ... یانیش باسی بنەمایەکی ئیسلامی پیرۆز وەکو (ئیمان ونوێژو ڕۆژوو وحەج وزەکات)... یانیش باسی چەمکێکی ئاینی وەکو: دادگری، ڕاستگۆیی، خۆشەویستی،ئەمانتپارێزی، دەستپاکی، دڵسۆزی.... هەزاری دیکە لەم جۆرانە دەکات ... بۆنمونە مەولەوی لەباسی خواناسیدا نووسیویەتی:

ئیمان باوەڕە بالێت نەشێوێ
وەشەش چت ئەوێ ئیمانت بوێ
ئەووەل بزانە: خودا بەحەقە
بێ مەئواو بێ چوون فەردی موتڵەقە
بێ میسل وشەریك، بێدایەو فرزەند
بێ جێگەو حازر، بێ باب وپەیوەند
خۆی وەخۆی بووگە، نامرێو ئەمێنێ
وەبێ چاوو گوێ ، ئەبیێ وئەوینێ

## ٢= دەقی ئەزموونی- عەقڵی

ئەو دەقەیە، کەناواخنەکەی بەری ئەزموونێکی درێژی مرۆڤایەتییەو وەکو یاسایەکی تۆکمەو بەهێزی عەقڵی لێهاتووە، ئیدی کە پێشکەش دەکرێت بڕوا پێکراوە و جێی گاڵتەو ڕەتکردنەوە نییە .... بۆ نمونە :

- دنیایە کەوا مەزڕەعەیی داری بەقایە

دڵ قەت مەدە بەم چەرخە ، هەموو کاری فەنایە

دڵ قەت مەدە بەم چەرخە، هەموو کاری فەنایە

گەر سەروەتی قارون و جیهانگیری سکەندەر

ئیقباڵی بکا هیچە ، هەموو کاری بەبایە .... بێزار ، لا ١١٥

-گە نجیَ پێکەنی بەریشی پیریَ

وەلآمی داوە لەولاوە ژیریَ

مەڕوانە ئەمڕۆ کەگە نجی بەناو

پیرم زۆر دیوە لەسەر گۆڕی لاو .... کارزان سیساوەیی ، مەقام

-

## ٣- دەقی خەیاڵی

ئەودەقەیە لەسەر بنەمای خەیاڵێکی شاعیرانەو بێ بنەما دامەزراوە ، لەواقیعدا هیچ بەڵگەیەك پشتەو ڕاستی ناکاتەوە ... بۆنمونە :

ئەستێرە بەرزەکان دەدرەوشێنەوە بەشەو
وەك من بە داخەوەن نە خواردنیان هەیە،نەخەو ... پیرەمێرد
ئاسمان ئەمڕۆ ، کەچاوی کەوت بە من گریایەوە
لێزمەی باران بە وێنەی ئەشکی من ڕێژیایەوە... ئەخۆل

ئەم دووپارچە شیعرە وەکو ئەوە وایە ، کاتێك ئیبراهیمی کوڕە خۆشەویست وتاقانەی پێغەمبەری خوا (درودو سڵاوی خوای لەسەر) کۆچی دوایی کرد، بۆشەوەکەی مانگ گیرا ، صەحابەکان گوتیان مانگیش وەکو پێغەمبەری خوا بۆکۆچی ئیبراهیم غەمبارە بۆیە ئەوەتا گیرا ... بەڵام پێغەمبەری خوا (درودو سڵاوی خوای لەسەر) ئەوەی ڕەتکردەوە و ئاماژەی بۆئەوە کرد، کە : خۆر ومانگ دوو ئایەت وبەڵگەی خواییـنە، بۆ ژیان ومردنی کەس ناگیرێن، ئەگەر شتی وەهاتان دیت، بڕۆن نوێژ بکەن ....

(پیرەمێرد) ئەستێرە بەرزەکان و (ئەخۆل) یش بەهەمان شێوە پێی وایە، ئاسمان لەبەر حەزینی ئەو ئەمڕۆ دەستیکردەوە بەگریان ، بەڵام لەڕاستیدا ئەمە بیری ئەفسانەیی وەهمییە، دەنا ئاسمان بۆغەمی کەس غەمبار نابێ وباران وەکو ڕەحمی خوایی دادەبارێ، نەوەك وەکو لاسایی ئەشکی یەك لەبەندەکانی خوا.

## ٤-دەقی ئەدەبی-زانستی

ئەو دەقەیە ، کەرۆحی خۆی لەیەکێ لەزانستەکان وەرگرتووە، شتێکی بڕوا پێکراوە، بۆیە ئەوەی دەیڵێ چەسپاوەو گۆڕانی بەسەردا نابێت ، بۆنمونە :

-( خۆر ) ملیۆنەك وسێسەد هەزار جار لە ( زەوی ) گەورەترە ... دووری ( خۆر ) لە ( زەوی ) سەد و پە نجا وشەش ملیۆن کیلۆمەترە .. ئەستێرەیەك هەیە ناوی ( دڵی دووپشك ) ە ، لەئاسمانی زەویدا ئەو ئەستێرەیە زۆر بەبچووکی خۆ دەنوێنێ، کەچی هێندە گەورەیە ، دەتوانێ ( خۆر ) یش و ( زەوی ) ش و ( دووری نێوانیشیان ) ، وەکو دایکێك لەباوەش بگرێ وهەر پێشیانەوە ماندوو نەبێ ؟ دەقەکە هەقیقەتێکی زانستی فەلەکی دەخاتە ڕوو ، بەلاَم بەزمانێکی ئەدەبی پێشکەش دەکات.

-یەك ویەك

دەکاتە دوو

قەت ناگۆڕێ وناکاتە سێ... حەسیب قەرەداغی

شێوازەکە هەواڵییەو هەواڵێکی زانستی بڕوا پێکراو دەبەخشێت ، بەلاَم لەهەمان کاتیشدا بۆ مەبەستی ئیدیۆمیش سوود دەگەینێت .

## ٥-دەقی مێژوویی

ئەو دەقەی ئەدەبە ، شیعری بێ، یان پەخشانی، کەباس وبابەتی خۆی لەمێژوو وەردەگرێت ، یانیش بابەتێکی مێژوویی تۆمار دەکات ، ئەوەش لەبەرگرنگی بابەتەکە ، بۆئەوەی پەندێك بگەینێ وگەلێ وانەی جوانی بیری لەگەڵ تۆمارکردنی بابەتە مێژووییەکە بگەینێتە خوێنەران ، بەشێکی شیعرو هەقایەت وچیرۆك ورۆمانە کوردییەکان بەم شێوەیە مێژووییینە ... بۆنمونە :

-لەدەوران وکاتی سەفەوییاندا
کەئەستێرە بوون ئەو لەئێراندا
لەسندووس بەو دەشت ومەزراو چۆل
مەراغەو میانداواو تاگاو دۆل
ببۆ نیشتەجێ هۆزی موکری لەوێ
هەر ئەو بوون لەو شوێنەدا بێ هەوێ .. دمدمنامە ، لا ٨٣

کەوابێ نەتەوایەتی کوردی وعەرەبی وتورکی وفارسی واتە : خۆشەویستنی هەموو ئەوانەی بەزمانی نەتەوەیی تۆ قسان دەکەن ، جا هەر ئاین و بیریکیان هەبێ، خەڵکی هەر شوێنێکی ولاتەکە بن ولە هەر شوێنێکی دونیاشدا بژین، مادام بەزمانی نەتەوەیی تۆ قسە دەکەن ، ئەوانە نەتەوەیی تۆنە ودەبێ خۆشت بوێن ولەگەڵیان بەبرایەتی بژی. لەلای کورداندا ئەم بیرە لەئەحمەدی خانی وحاجی قادری کۆییدا لەنێو ئەدەب هەبووە، بەلام لەواقیعدا چ وەلامێکی بەرجەستەی نەبووە، تالەسەدەی بیستەم ، وەکو محەمەد ئەمین زەکی ئاماژەی بۆ دەکات ، دەڵێت : ئێمە لەدەوڵەتی عوسمانی ئیسلامی لەگەڵ تورك وعەرەب وفارس وئەوانی تر لەسای برایەتی ئیسلامی پێکەوە بووین، برایانە دەژیاین، بەڵام کاتێکمان زانی :تورك گوتیان تورکایەتی ،نەك ئیسلامەتی ،عەرەب گوتیان عەرەبایەتی ،نەك ئیسلامی ،فارس گوتیان :فارسایەتی ،نەك ئیسلامەتی ئیدی هەر ئێمە ماینەوەو ئێمەش گوتمان :کوردین وکوردایەتی